# مەلابەختیار لە وەڵامی پرسیاری" دەنگەکان " دا

**دەنگەکان** : پاش ئەم گۆڕانکارییە سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتییانەی لە ماوەی ئەم سەدەو نیوەدا بەسەر مرۆڤایەتی هاتووە ، ئاسۆیەکی تر ، گەڕانەوەیەکی تر، بۆ مارکسیزم چۆن دەبینیتەوە ؟؟

**مەلا بەختیار:**

گۆرانکارییەکان، زۆر قوڵن. هێندە قوڵن، تەنانەت سەراپای بنچینە فەلسەفییو ئایدۆلۆژییەکانی (مارکسیزمیان) خستۆتە گێروگازەوە، خوێنەوارو شارەزایەك کەپەی بەقوڵی گۆرانکارییەکان بەرێو شارەزاییەکی لەداوەرییە فەلسەفیو ئایدۆلۆژیەکانی مارکسدا هەبێ، دەزانێ مارکسو ئەنجلس، لەباری سۆسیالیزمی زانستیو کۆمۆنیزمو دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریەوە، لەزەمانو زەمینەی سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئۆپۆزیسۆنی کرێکارییەوە، لە سەدەی نۆزدەهەمدا، چەند زێدە لەپێویست کەوتونەتە ژێر کاریگەری بزووتنەوەی کرێکاری ئەو سەردەمە. کە پێموایە، سەرەنجام، بەشی بەرچاوی لۆژیکی فەلسەفەی کۆمۆنیزمیشیان کردۆتە قوربانی ئەو بزووتنەوە هەڵچووەی کرێکارانی ئەو سەردەمە، کە بەهەق سەردەمێکی هەتا بگوترێ، پڕ لە چەوساندنەوەی چینایەتی بوو. بەڵام مێژوو دەریخست، کەچەوساندنەوەی چینایەتی ، تەنانەت بەو پەری نامرۆڤایەتیش، ناتوانێ رەوتی مێژوو بگۆرێ. ئەگەر بشتوانێ ئاڵوگۆری کاتی، یان هەڵچوونی رادیکاڵی، یان هەژمونگەری ئایدۆلۆژیش بخولقێنێ، رەوتی مێژوو هەر رەوتی مێژووە، پرۆسەی مێژوویی ئابوریش، با سەرمایەداریش بێت، با چەوساندنەوەی توندیشی لەسەرەتاوە تیادا بێت، بەڵام دەورانی مێژوویی هەر تەواو دەکات. گەشەش دەکاو خۆیشی نۆژەن دەکاتەوە.

بەش بەحاڵی خۆم، پێموایە، هەروەکو چۆن گۆرانکاریەکان سەراپا بزووتنەوەی کرێکارییان گۆریو سەرمایەداریش توانی باش باش خۆی بگۆرێ، ئاواش لەو بروایەدام، مێژوو دووپات نابێتەوەو جارێکی دیکە، شانۆی سەدەی نۆزدەهەمو سەرەتای سەدەی بیستەم بۆ دوپات بوونەوەی هەژموونی مارکسیزم ساز نابێتەوە. تەنانەت پێموایە لەئاییندەدا، مارکسو ئەنجلس، وەکو دوو کەڵە سۆسیالیستەکەی سەدەی خۆیان، لەناو خەباتی کۆمەڵایەتیو سیاسیی یەکسانیخوازیدا، سەری فەلسەفە هەڵ ناهێننەوە. بەڵام بەجارێکیش خامۆش نابنەوە. چەند لایەنێکی فەلسەفەکەیان کە بگونجێ لەگەڵ سەردەمی هەرە پێشخراوی ئایندە، لەگەڵ ئەندێشەی فەلسەفەی سەرهەڵداوی ئەو کاتەدا، رەنگە کارلێك بکەنو سوود لەیەك وەربگرن. جەختیش لەسەر لایەنە فەلسەفیەکانی وەکو مەتریالیزمو دیالکتیكو بنچینە لۆژیکەکانی سیستەمی فەلسەفییان دەکەمەوە. نەك کوتومت مەسەلەی سیاسیو ئایدۆلۆژیو بەرنامەی مەکزیمۆمی ئابوورییان، کەلە رەهەندی گۆرانکارییە کۆمەڵایەتیەکانی داهاتوودا، ئاییندەیان بۆ نابینمەوە.

**دەنگەکان** : ئایا مارکسیزم ، بەهای تازەگەری خۆی لە دەست نەداوە ، ئەگەر لە دەستی نەداوە چۆن دەتوانێ حزووری خۆی ، گونجانی عەمەلی خۆی لە چەرخی بیست ویەکدا بسەلێنێ ؟

**مەلا بەختیار:**

## مەلابەختیار لە وەڵامی پرسیاری" دەنگەکان " دا

پرسیارەکە وا دەخوێنمەوە هەروەکو لە ئایندەشدا بەشەریەت، جارێکی دیو لە رۆژگارێکی دیکەدا، هەمدیس بیەوێو نەیەوێ وەکو شارێبازی فەلسەفیی رووبەرووی مارکسیزم دەبێتەوە. نەلە رابردوودا وابووەو نەلە ئایندەشدا هەرگیز وا دەبێت. لە رابردوودا، راستە مارکسیزم (ئەویش لەسەردەمی مارکس.. مارکسیزم نەبوو.. بەڵکو کۆمۆنیزم، یان سۆسیالیسیتی زانستی پێدەگوترا) بۆشاییەکی ئایدۆلۆژی گەورەی باشتر لەهەموو فەلسەفەو ئایدۆلۆژیەکانی پێشو کاتی خۆی، پرکردەوە. بەڵام فەلسەفەو ئایدۆلۆژیەتی دیکەش لەبەرامبەریدا هەبوون. ململانێی توندیشیان لەگەڵ دەکرد. هەروا دوای ئەوەش. تەنانەت لەناو بزووتنەوەی کرێکارانیشدا تێزەکانی مارکس بەتەواوەتی قبوڵ نەدەکران. لەسەدەی بیستەمدا، جۆرەها فەلسەفەی دیکە سەریان هەڵدا. لەئایندەشدا، فەلسەفەی دیکەش سەر هەڵدەدەن. بۆیە، بەدژواری دەبینم لەئایندەدا، رۆژگاری وا هەڵبکەوێ، ئەندێشمەندی هەڵکەوتوو هەڵبکەوون، بەخوێندنەوەی هاوچەرخی سەدەی بیستو یەك، مارکسیزم سەراپا بگونجێننەوە. مەگەر پێشکەوتنی زانستی ئەو سەردەمە بزانێت زانستی (جینات)و فۆتۆ کۆپی مرۆڤ و ئاژەڵ چی بەسەر کۆمەڵو ژیانی کۆمەڵایەتیدا دێنن، بەراستی ناکرێ پێشبینی ئەوە بکرێ لەسەدەی ئایندەدا مارکسیزم بەفاڵگرتنی چەپەکانی ئێستا نۆژەن بکرێتەوەو چەشنی سەدەی نۆزدەش، بکرێتەوە جیهانبینی بێئەملاوئەولای کرێکاران.. یان چەپەکان. فاڵی وا ناگرن!

**دەنگەکان :** **ئەوەی لە سۆڤییەت و وولاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات ڕوی دا ، هەرەسی ڕژێمە عەسکەرتاریەکان بوو ، بەڵام لە بەر هەر هۆیەك بووبێ لە باری مێژوویەوە تا ئەمرۆش ، ئەم هەرەسە کراوەتە ئۆباڵێکی گەورە ، بە سەرمارکس و مارکسیزمدا ، بەڕای ئێوە ئەمەی ڕووی دا ، هەرەسی چی بوو ؟**

**مەلا بەختیار:**

نامەوێ بچمە ناو باسی شورەویو رۆژهەڵاتی ئۆرووپا. لەمەیان واز دەهێنم، چونکە لەو کەسانە بووم لەسەر شورەویو پرۆسیستەمەکەیان، هەمیشە دژ بووم. وەلێ.. مرۆ گەر بیەوێ بەویژدان بێو پێوەری زانستی لەدەست نەدا، لایەنی کەم لەجیهانبینی سۆسیالیزمی زانستیەوە، بروانێتە رووداوەکانی شۆرشی ئۆکتۆبەری زوو سەپێنەری سۆسیالیزم، هەتا هەرەسی ئێجگارەکی ئەو ئۆردوگایە، دەتوانین بە دڵنیاییەکی فەلسەفییەوە بڵێین:

ئەوەی لینین لە شۆرشی ئۆکتۆبەردا (1917) بەزەبری رۆژگاری لاوازی سەرمایەداری، بەناوی سۆسیالیزمەوە سەپاندی، بەراستی ئەو ئەزموونە دەگمەنە، فری بەسەر شۆرشە سۆسیلیستیەکەی مارکسو ئەنجلسەوە نەبوو، کە بەرنامەیان بۆ دارشتبوو. یان کە پێشبینییان لەرۆژئاوا سەرانسەر، یاخود سەرەتا لەچەند ولاتێکی رۆژئاوای پێشکەوتودا، بۆکردبوو. لینین سواری شەپۆلی روداوەکانی دوای جەنگ بوو. لاوازی دوژمنەکەی قۆزتەوەو پاڵی پێوەنان. چوار – پێنج ساڵ لەژیانی خۆیدا بەختی بەدبەختی سۆسیالیزمی سەپێنراوی پێش سیستەمی

## مەلابەختیار لە وەڵامی پرسیاری" دەنگەکان " دا

دیموکراتی ناو یەك وڵاتی سەرمایەداری دواکەوتووی تاقیکردەوە، بەڵام، لەساڵی (1921)وە درکی پێکرد چ هەڵەیەکی گەورەو زیانبەخشی دەرهەق بەسۆسیالیزم کردووە. بۆیە، بەرنامەی دارشت پاشەکشە بکا، بەڵام نەخۆشیو بریندار برستیان لێبریبوو، پاشان ستالین هەر بەجارێ تێکوپێکی دا. تەنانەت بەبێئەوەی وەسیەتنامەی لینینیش پەیرەوبکا.

مێژوو حەوت دەهەی ویست، دەوڵەتە سەرمایەدارە دەوڵەتیەکەی شورەویو رۆژهەڵاتی ئۆروپا، هەرەس بهێنن، بەڵام کە هەرەسیان هێنا، کاریگەری سیاسیو سایکۆلۆژیو فەلسەفیی خراپیشیان لەسەر خودی سۆسیالیزمیش جێهێشت. ناشتوانرێ ئاسەواری ئەو کاریگەرییە نادیدەبگیرێ. گۆرانکاریەکانی لەوەودواش، هێندەی دیکە باری هەرەسەکەی شورەویو هەروا سەنگی سۆسیالیزمی زانستیشیان، خوارترو دژوارتر رد.

**دەنگەکان:** لەرۆژگاری ئەمرۆ دا ، ئێوە چۆن دەروانن‌ەچەمکەکانی : - دیکتاتۆری پرۆلیتارییا، کۆمۆنیزم ؟

**مەلا بەختیار:**

دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، لەگەڵ هەموو سیستەمە دیکتاتۆریەکانی دیکەی جیهان، هەتاهەتایە ئاوای مێژوو بوو. تەنانەت پێش دیکتاتۆریەتی سیستەمە سەرمایەدارییە دواکەوتووەکانیش کۆتایی هاتو باوەرناکەین هاتنەوەشی بۆ هەبێ.

لەراستیا.. قەبەکردنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بەناوی مارکسیزمەوە، زیاد لەو ئەندازەیەی مارکسو ئەنجلس، لەچەند بۆنەیەکی تایبەتیدا باسیان لێوەکردبوو، بەتایبەتی بەبێ رەچاوکردنی گۆرانکاریەکانی دوای ئەو سەردەمەو پێشکەوتنی دیموکراسی لەرۆژئاوادا، زیانی زۆری گەیاندە مارکسیزمو بەقازانجی ستالینو پۆل پۆتو کیم ئیل سۆنگو شاوشیسکۆو ماوتسیتۆنگ شکایەوە. لەدواسەرەنجامیشدا، سەرمایەداری ئەم تێزە بێپێزەی باش باش دژی بزوتنەوەی چەپ کەڵك لێوەرگرت.

سەبارەت بەکۆمۆنیزمیش.. بەرەهایی قسەناکەم، بەڵام بەش بەحاڵی خۆم ناتوانم پێشبینی دونیای کۆمۆنیزم بکەمەوە. ئەمیش خۆش خەیاڵێکی تیۆری بوو، وەك ئەستێرەیەکی گەش لەمێژوو داچۆرا!

**دەنگەکان :** دەوری مارکسیزم لەسەر چەپی کورد لە رابردوو ئێستادا چۆن دەبینن ؟

– **مەلا بەختیار:**

## مەلابەختیار لە وەڵامی پرسیاری" دەنگەکان " دا

مارکسیزم.. زادەی کێشمەکێشەکانی سەدەی نۆزدەهەمی رۆژئاوا بوو. سەیر ئەوەیە، لەسەدەی بیستەمدا، لەرۆژئاوادا گاریگەری هەتادەهات کەمو کەمتر دەبوو، کەچی لەرۆژهەڵاتو لەناو گەلانی دواکەوتوی رزگاریخوازدا، برەوی پەیدادەکرد. هەتا هەشتاکانیش، مارکسیزم کاریگەرترین رێبازی فەلسەفیو ئایدیۆلۆژیو سیاسی بوو. بەڵام لەوەبەدوا، پاشەکشەی کردو ئێستاش مارکسیەکانی کوردستان، لەپەراوێزی روداوەکاندان. بەڵام لەجیهانبینی مەتریالیستیو دیالکیتیکەوە، لەباری لۆژیكو میتۆدی زانستیەوە، لەباری هەستی مرۆڤایەتیەوە، تەنانەت لەباری قوڵبونی گیانی شۆرشگێرانەو خەباتی ئازادیخوازیشەوە، لەپەنجاکانەوە هەتا هەشتاکان، مارکسیزم کاریگەری فراوانی لەسەر چەپ هەبوو. تەنانەت لەم وڵاتەی ئێمەدا کە پێشینەیەکی رینسانسو رۆشنگەریو دیموکراتی نییە، لەهەندێ روی فەلسەفیەوە مارکسیزم قەرەبووی ئەو رابوردووە بەیارو برینگەی نەبونی زەمینەی رۆشنگەری لەبەرامبەر ئیسلامگەراو خورافاتی مەزهەبیو تایفەگەریو دواکەوتن، کردەوە. ئەمیش دەریدەخا، کە ئەگەر رێبازی فەلسەفیی راستەقینەی دیموکراتیو سکولارو هاوچەرخ، بۆ بەرکەنارخستنی ئاین لەدەسەڵاتی دیموکراتی، هەمەلایەنە پەیرەوبکرێ، دەتوانێ بەچاکی کاریگەر بێو سەرەنجام بەسەر ئیسلامگەراکانیشدا، سەربکەوێ.

---

تێبینی نووسەر :

### کاکە گۆران عەبدوڵڵا

**سڵاوێکی گەرم..**

<u>**مەلا بەختیار**</u>

گەرچی سەرقاڵمو کاتی کەمم هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی یەکەمین جارە ئاراستەی پرسیارم تێدەکەنو پرسیارەکانیش، سەبارەت بەم هەلومەرجە فەلسەفییەی چەپە چەشناوچەشنەکانی کوردستان، گرنگن، وا وەڵامتان دەدەمەوە. پێش وەخت دەبورن کە کاتی ئەوەم نەبوو تێروتەسەل تر وەڵامتان بدەمەوە.